کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
26-10-2007 17:29 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## زیادبوونی عەرەبە هەڵهاتووەکان و کاریگەریە ترسناکەکانی بۆ سەر کۆمەڵگای کوردی و هەنگاوە ئایندەیەکان بۆ تەعریب کردنەوەی کوردستان ... هەورامان علی تۆفیق

هێندەی لەبارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری هەرێمی کوردستان لێك بدەینەوە هێندەزیاتر دەتوانین باس لە کەم و کورِی و هەڵە و گەندەڵی و بێ بەرنامەیی و گوێ نەدانە ئایندەو تەنها روانین لە ئەمرۆ و هەندێ بەرژەوەندی و دەستکەوتی کاتی و تایبەتی ئەگەر تاکە کەسی بن یان لایەن و حزبی و کۆمەڵی بن زیاتر لەوە بەولاوە هیچی دی نین..



یەکێك لەو دیاردانەی کە ماوەیەکە قسەو باسی لەسەر دەکرێت و جۆرەها راوبۆچوونی جیاوازی لێ دروست بوون، ئەویش لێشاوی هەڵهاتنی ئەو عەرەبە بەناو راکردوانەیە بۆ هەرێمی کوردستان لەژێر ناوی نەبوونی ئارامی لەناوچەکانیان و خراپی باری گوزەرانیان، ئەگەر لێکۆڵینەوەی تەواو بکرێت زۆربەیان لە خواری عێراقەوە هاتوون و ناوچەکانیان بەتەواوی ئارامەو کێشەیان نیە.

گەر لەلایەنێکەوە بروانینە ئەم دیاردەیە و لایەنی مرۆڤایەتی لێك بدەینەوە، هەموو مرۆڤێك بۆیی هەیە و دەتوانێ لەو شوێنەی بەئارام و ئاسودەو پێویستی دەزانێ بۆ ژیانی خۆیی تێیدا بژی، بەلام ئەو کاتەی بارودۆخەکان ئارام بن و ئەو شوێنەی پەنایی بۆ دەبرێت لەو ئاستەدابێت کە وەك مۆڵگایەك جێگایی هەڵهاتوانی تێدابێتەوە و کێشەی مێژوویی لەنێواندا نەبێت و کێشەکان وەك ئێستایی نێوان کورد و عەرەب و تورك و فارس بە هەڵوسراوەیی و بێ چارەسەر نەمابێتنەوە. کەواتە لەم روانگەیەوە باس و خواسێکی دی وەردەگرێت..

لەهەمان کات دا هەرێمی کوردستان بەخۆیی لەدەیان گێژاو گرفت و دایە و گرنگ ترین گرفتیش یەکلا نەبوونەوەی کێشەی نەتەوایەتی و جیانەبوونەوەی سنوری هەرێمی کوردستان و نەگەرانەوەی ناوچە تەعریب کراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.. واتە بەردەوام بوونی دوژمنان لە پلان و زیادبوونیان بەشێوەیەك کە لەچەند سالانی پێشوو زیاتر و ترسناك تر.. کە پێویستە دەسەلاتی کوردی هێمنانە ترو وریاتر مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکات، چونکە بەم شێوەیە کوردستان بەرەو تەعریب کردن دەبرێتەوە و لەهەمان کات دا لەرووی کۆمەلایەتی و کێشە و گرفت و تەنگەژە سیاسیەکان لە ئایندەیەکی زیاتر لە دەسالێدا بۆ کۆمەڵگایی کوردی دروست دەکات، کەواتە گرتنە بەری رێوو شوێنی پێویست بۆ خۆپاراستن لەو وەبا ئایندەییەی کە چاوەروانی دەکرێت دروست بوونی دەبێ خۆمانی لێ بپارێزین و لە ئێستاوە رێگاو شوێنی پێویست بگرینە بەر چونکە باری ئابوری و بێ کاری گەندەڵی و بێ سەرو بەری لەو پەرِی بێ سنوری دایە و بەم شێوەیە ناتوانرێت روو بەرووی کێشەی لەم شێوەیەبینەوە...

ئەگەر بەوردی لەم چەند سالانەی دوای یدا سەیری بازارو دەستی کارو زۆربوونی بێ کاری لەنێوان لاوانی کورد و خاوەن کاردا بەرەو زیاد بوون دەچێت و هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ زیاد بوونی ئەو عەرەبانەیە و بازیاد بوونی کرێ خانوو گرانی شت و مەك و بوونی کاری تیرۆرستی ناوەخت و پاشان گومانی ئەوەش دەبێ بکرێ کە کاری ئەو گروپ و لایەنە تیرۆرستانە لەو پەرِی هێمنی و نەفەس درێژی و دوورخایەن دایە کە وەك مار لە کاتێك دا پێتەوە دەدەن لەو پەرِی بێ ئاگایی و هێوربوونەوەدا بێت.

دەبێ حکومەتی هەرێم و ئەو ئاسان کاریانەی بۆ ئەو عەرەبە هەڵهاتوانە بکات لەچ مەبەستێکەوە بێت.. ؟ بەرژەوەندیە سیاسیەکانی چی بن ئەگەر بۆ حزب یا بۆ کۆمەڵکاو نەتەوەیی کوردی بەگشتی.. ؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەگەر هەنگاوەکان بۆ پتەو کردنی برایەتی کورد و عەرەبە و هەنگاوە بەناوی ئاشت بونەوەی گشتی و نیشان دانی نیەتی پاکی کورد بۆ ڕای گشتی ناوخۆیی و دەرەکی عەرەبی و جیهانی وناوچەکە یا ڕازی کردن و دڵنەوای کردنی ئەو سەرکردە عەرە شۆڤێنیانەیە کە تا ئێستاش بەخۆیان ڕەوا نابین ناوی هەرێمی کوردستان ببەن و باس لە فیدرالیەت و مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد بکەن و بێ شەرمانە هەرێمی کوردستان تا ئەمڕۆش لایان شیمالی عێراقە.

یا ئەوەتا هەنگاوێکە بۆ بەدەست هێنانی چەند دەست کەوتێکی تایبەتی حزبی و تاك لایەنی.. بێ گومان یەکێك لەم هۆکارانە دەبێ ڕاستیان بۆ هەبێت بۆیە گرنگە بەهەموو ئەو ئەگەرانەی باسمان کردن و ئەگەر ئەگەری دی شاراوەش هەن وەلایان نێین و هەموو پێکەوە لە چارەسەێکی یەك لایەنی و خێرا و بێ بیرکردنەوەو ڕاوەستان کاری بۆ بکەین ئەویش:

- هەنگاوی یەکەم ڕێگا گرتن بەشێوەیەکی بن بڕی و بێ گەڕانەوە بە هاتنە ناوەوەی هیچ عەرەبێك بۆ هەرێمی کوردستان بەهەر ناوێکەوە بێت.
- دروست کردنی چەند ئۆردوگایەکی گەورە لە زۆربەی ئەو ناوچە سنوریانەی نێوان هەرێمی کوردستان و ناوچە عەرەب نشینەکانی ناوەڕاستی عێراق، واتە عەرەبی سوونە، ئەو ئۆردوگایانەش بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و شارستانیانە ڕێك بخێرێن و چاودێری بکرێن تا نەبنە مۆڵگای تیرۆرو گواستنەوەی تیرۆرو گێرە شێوێنی بۆ هەرێمی کوردستان.
- ئەم ئۆردوگایانە لەرێگایی ڕێکخراوە مەدەنی و مافی مرۆڤ و مانگی سنوری عێراقی و جیهانی و نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەری، هاوکاری و سەپوەرشتی و چاودێری بکرێن.
- کۆکردنەوەی هەموو ئەو خێزان و کەسانەی کە چەند ساڵ بەرەو هەرێمی کوردستان هاتوون و ناردنیان بۆ ئەو ئۆردوگایانە بەبێ جیاوازی و دەست تێوەردانی ئەم لایەن و ئەو لایەن و بەرپرسانەوە.
- دەبێ لەم ئاست و ساتانەی ئەمڕۆدا دەسەڵات و دەزگا ئەمنیەکانی و لایەنی بەرپرسیار لە کاروباری هەرێم و هاوڵاتیان ئەوەی بچوکترین و بێ نرخترین خاڵ بێت و کەس بیری لێنەکاتەوە، ئەمانە دەبێ بەو پەڕی گرنگی یەوە سەیر بکرێت و چاودێری هەمەلایەنەی بارودۆخەکان بکرێت و هەموو ڕێگەو شوێنەکان گرنگیان پێ بدرێت، چونکە دەسەڵاتی کوردی و بەپێی ئەو ئاشنابوونەمان و شارەزایی لەکارەکان، هیچ شتێك بەلایانەوە گرنگ نیە و ئەوەی دەبێتە کێشەو ئەو کاتەی بارو دۆخەکان ئاڵۆزدەبن و کار لەکار دەترازێ ئەو کات ڕادەچڵەکێن و ئەو کات دەکەونە خۆ بەڵام دوای چی وەك ئەڵمانەکان دەڵێن **Zuschpet** (تسوشپێت) واتە درەنگەو کات بەسەرچوو دوای چی... لەهەمان کات دا بڕوا بەخۆبوون و هەمیشە خۆ بەڕاست زانین و وەرنەگرتنی ڕایی بەرامبەر و قبوڵ نەکردنی و بڕواپێنەکردنی و بەدژ زانینی، ئەمەش دیسان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە هەمیشە کێشە بۆ دەسەڵات دروست دەکات و بڕیارەکان لە شوێن و کاتی خۆیاندا نابن. وەك دیاردەی هەڵاتنی ئەو عەرەبانەی کە ڕوو لەهەرێمی کوردستان دەنێن...

تێبینی:

ئەم بابەتە لە ژمارە 316 ی ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت بەبەرواری 23. 10. 2007 بڵاوکراوەتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.